iGmena

## کوردی

# فێرکردن‌و ئەو ئەزموونە جۆراوجۆرانەی تاکەکان پێیدا تێدەپەڕن ڕۆڵی سەرەکییان لە دروستبوونی هزرو مەعریفەدا هەیە



iGmena

کوردی

# تاکەکان بەشداری لە دروستبوونی کۆمەڵگاکانیان دەکەن لەڕێگەی کارلێکبوونو پەیوەندیکردنو ڕا گۆڕینەوە



# کوردی

لەبەر ئەوەی ئەنتەرنێت بووەتە ئامرازێکی کارا بۆ بونیادنانی کۆمەڵگا ئازادەکان ، حکومەتەکان کار دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردن و بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکان لە فەزای ئەلکترۆنی



iGmena

## کوردی

# کۆنترۆڵکردنو دەستبەسەراگرتنی ئەنتەرنێتو تاکەکان دوو ڕووی یەك دراون



کوردی

ئەنتەرنێت رۆڵێکی زیندووی هەیە لە پشتگیری گەشەپێدانی بەردەوامو دیموکراسییەت

مافەکانت لەسەر ئەنتەرنێت بزانە

لەسەر بنەمای

The Charter of Human Rights and Principles for the Internet

کوردی

iGmena

کوردی

# 1 گشتگیری و یەکسانی

هەمووان بە ئازادیو یەکسانی لە ماف و کەرامەت لە دایکبوونە ، بۆیە پێویستە لە ژینگەی ئەنتەرنێتدا ئەو بنەمایە بەدی بێتو رێز بگیرێتو بپارێزرێت



iGmena

کوردی

# 2 مافەکانو دادپەروەری کۆمەڵایەتی

ئەنتەرنێت بوار بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بانگەواز بۆ مافەکانی مرۆڤ و پاراستنو بەدیهێنانی دەڕەخسێنێت . بۆیە ئەرکە هەمووان رێزی ئەوانی تر بگرین لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت



# 3 مافی بەکارهێنان

هەموو کەسێك بە یەکسانی مافی بەکارهێنانی تۆڕی ئەنتەرنێت بە شێوەیەکی پارێزراو و کراوە هەیە .



iGmena

## کوردی

# 4 ئازادی ڕادەربڕینو گردبوونەوە

هەموو کەسێك بە ئازادی مافی داواکردنو وەرگرتنو دابەشکردنی زانیاری لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بە بێ چاودێریو دەستێوەردان هەیە ، هەمووان مافی گردبوونەوە لەرێگەو لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بە مەبەستی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ڕووناکبیری یان ... هتد  هەیە



iGmena

کوردی

# 5 تایبەتمەندێتیو پاراستنی زانیارییەکان

هەموو کەسێك مافی تایبەتمەندێتی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت هەیە ، نابێت بە هیچ ئامرازێك لە ئامرازەکان چاودێری بکرێت ، ئەم مافە مافی بەکارهێنانی بەکۆدکردنو مافی ئاشکرا نەکردنی کەسایەتی لەسەر تۆڕی نێت دەگرێتەوە . هەمووان مافی پاراستنی زانیارییەکانیان هەیە، ئەمەش کۆنترۆڵکردنی کۆکردنەوەی زانیارییە کەسیییەکانو هەڵگرتنو چارەسەرکردنو مافی مامەڵەپێکردنو ئاشکرا کردنی دەگرێتەوە .



کوردی

# 6 ژیانو ئازادو سەلامەتی

پێویستە ڕێز لە مافی پاراستنی ژیانو ئازادیو سەڵامەتی بگیرێتو بپارێزرێتو کار لە پێناو بەدیهێنانی لەسەر تۆڕی نێت بکرێت . نابێت دەستدرێژی بکرێتە سەر ئەم مافە یان بەکار بهێنرێت بۆ دەستدرێژیکردنە سەر مافی ئەوانی تر لەسەر ژینگەی تۆڕەکە



# 7 جۆراوجۆرێتی

هاندانی جۆراوجۆرێتی رووناکبیریو زمانەوانی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ، هەروەها هاندانی داهێنان لەبواری تەکنیکیو سیاسەتەکان کە بوار بۆ فرەیی ئامرازەکانی گوزارشتکردن دەکاتەوە



iGmena

کوردی

# 8

# یەکسانی لەسەر تۆڕی نێت

هەموو کەسێك مافی گەیشتنی بە ناوەڕۆکی تۆڕی ئەنتەرنێتی جیهانی هەیە ، بە بێ جیاکاری و ئەولەویت پێدانو وردکردنەوەی زانیاری یان کۆنترۆڵکردن بۆ مەبەستی بازرگانی یان سیاسی یان هەر مەبەستێکی تر



iGmena

## کوردی

# 9 پێوەرەکانی ڕێکخستن

پێویستە پەیکەرەی ئەنتەرنێتو سیستەمی پەیوەندییەکانو دیزاینی بەڵگەنامەو زانیارییەکان پشت بە پێوەرەکانی کراوەیی ببەستێت و پشتگیری تەواو لە سیستەمە جیاوازەکان بکات ، بۆ ئەوی ببێتە مایەی بەدیهێنانی گشتگیریو ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەمووان



iGmena

## کوردی

# 10 حوکمڕانی چاك

دەبێت مافی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەو بنەما یاساییو پێوانەییە بن کە لەسەر ڕۆشناییان تۆڕی ئەنتەرنێت کار بکات . دەبێت ئەمە بە ڕێگەیەکی شەفاف بکرێتو سیمای فرەیی لایەنەکان پێوە دیار بێتو ڕێز لە بنەماکانی شەفافیەتو بەشداری گشتگیرو لێپرسینەوە بگرێت



iGmena

کوردی

# ئەم هەنگاوانە بگرە بەر

بەشداری هەڵمەتەکە بکە

بەشداری بەڵگەنامەکە بکە لەسەر فەیسبوك

بەشداری بەڵگەنامەکە بکە لەسەر تویتەر

بۆ زانینی زانیاری زیاتر

راستییەکان و ژمارەکان